**زانکۆی سەلاحەدین**

Salahaddin university

# تیۆری زانین لە گۆشە نیگای دیکارت

**پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب بەشی فەلسەفە**

**وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی(فەلسەفە)**


**ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی**

**جیهاد بلال مناف**

**بەسەرپەرشتی**

**ڕۆژگار محمدامین علی**


2023

## ناوەڕووک

پێشەکی:


١-بەشی یەکەم  چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

٢-تەوەرەی یەکەم  گرینگترین رەهەندەکانی توێژینەوە

٣-ئامانجی توێژینەوە.................................

٤-میتۆدی توێژینەوە..................................

٥-گرینگی توێژینەوە..................................

٦-گرفتی توێژینەوە....................................

٧-بەشی یەکەم/

٨-تەوەرەی دووەم  پێناسەکردنی گرینگترین چەمکەکانی توێژینەوە

٩-گومان.................................................

١٠-عەقڵ گەرایی........................................

١١-تیۆر..................................................

١٢-زانین.................................................

١٣-تیۆری زانین........................................

بەشی دووەم/

تەوەرەی یەکەم ژیاننامەی ڕێنی دیکارت...........

تەوەرەی دووەم گومان...................

تەوەرەی سێیەم گومانی میتۆدی..............

تەوەرەی چوارەم کۆگیتۆ...................

بەشی سێیەم/

تەوەرەی یەکەم ساخکردنەوەی بوونی شتەکانی دەورووبەر.......

تەوەرەی دووەم ساخکردنەوەی بوونی خودا........

تەوەرەی سێیەم دوالیزمی دیکارتی............

تەوەرەی چوارەم تیۆری زانین لە فەلسەفەی دیکارتدا.........

ئەنجام:.................................

لیستی سەرچاوەکان..............................

## پێشەکی:

دیکارت بەیەکەم زانای ماتماتیک و فەلسەفەی چاخی نویٰ ناسراوە.ڕوانگەی ئەو بۆ فەلسەفەو مەعریفە،شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.لە دوای تەواو بوونی ئاینی هەزار ساڵەی مەسیح و بەرپابوونی شۆڕشی ڕێنسانس ئێدی فەلسەفەی نویٰ دەستی پێکرد و فەلسەفەیان بە قۆناغی مودێرنی خۆیی گەیاندو دیکارتیان کردە باوکی فەلسەفەی نویٰ.بەم پێیەش دیکارت بە فەلسەفەی عەقڵانیەکەی خۆی و میتۆدەکەی فەلسەفەی لە بیرکردنەوەو زمانی ستانداردی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگارکرد و لە چوارچێوەیەکی نوێتردا بیروڕاکانی خۆی بەرجەستەکرد. ئەم توێژینەوەیە لێرەدا پێشکەش دەکرێت،لە ژێر کاریگەری و گرینگی شیکردنەوەو وەسفکردنی ناوەڕووک و کرۆکی فەلسەفەی دیکارت،خۆی لە خۆیدا دیکارت فەیلەسوفێکی ڕاشیۆنالیستە بڕوای بە زانینی عەقڵی هەیەو گشت ئەوەکانی دیکە ڕەت دەداتەوە،دیکارت سەرەتای فەلسەفەکەی بە گومان دەست پێدەکات و گومانێک کە لەسەر بناغەو حەقیقەتی ماتماتیک، دروست دەکات بۆ گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەتی شتەکان،جگە لەوەش گومانی دیکارت گومانێکی میتۆدەییە،دوای ئەوە دیکارت ئەو گومانە میتۆدەییە،وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ ساخکردنەوەی بوونی خۆی،کە ئەو خۆی سفردەکاتەوە بە گومانەوە دەست پیٰ دەکات،گومانکردن لە هەموو شتێک تا دەگاتە دڵنیاییەک ئەویش ناتوانێت گومان لە بوونی خۆیی بکات،کە بوونی نەبێت.هەر لەم مەسەلەیەدا گوتە بەنێوبانگەکەی "من بیردەکەمەوە،

کەواتە من هەم"دەخاتە ڕوو،هەر لەم حەقیقەتەوە هەموو ڕاستیەکان دەپشکوون.ئەمە دیکارت وای لێکرد لە زۆربەی تاقیکارییەکانی،پشت بە بیرکردنەوە ببەستێت هەر لەژێر سایەیی ئەم وتەیە بیرو باوەڕەکانی دەپشکنی و ڕاستیەکانی دەردەخات.دیکارت دەڵێت،خودا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە عەقڵی بەسەر هەموو مرۆڤەکان دابەشکردووە،بەڵام چونیەتی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە سەر خۆیان.لە دوای شیکردنەوەی گومانی دیکارت بەشێوەیەکی کورت ئەمجار دێین باس لە ساغ کردنەوەی شتەکانی دەوروبەر دەکەین،دیکارت بڕوای بە هەستەکان نەبوو پێی وابوو کە ئەم هەستانەی خۆمان هەڵخەلەتێنەرن و بە تەفرەمان دەبەن،ناکرێت بڕوایان پیٰ بکەین،بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەڵگەیەک بە نموونە دەخاتە پێشمان کە دواتر بە تەفاسیلی باسی لێوەدەکەین،دواتر دەگەینە ساغکردنەوەی بوونی خودایە کەلە فەلسەفەی دیکارتدا دەدرەوشێتەوە، ئایا دیکارت چوون توانیویەتی بوونی خودا بسەلمێنێت،ئەمیش لە ڕێگەی گومان و بیرکردنەوە،کە دەگاتە ئەنجامێک ئەویش ئەوەیە ئەگەر نەبێت چۆن من دەتوانم بیری لە بارەیەوە بکەمەوە.

دیکارت خۆی فەیلەسۆفێکی دوالیستە،کە دێت کێشەیەک دەنێتەوە،کە هەموو فەیلەسوفەکانی پاش خۆیی تووشی گەڕان دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە،ئەویش ئەوەیە چۆن دەکرێت دوو شتی دژبەیەک لە یەک کات و شوێندا کوببنەوە لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن،وا دیارە ئەم فکرەیەش تازە نیە کە دیکارت دای ڕشتووە،بەلکو لە فەیلەسوفانی پێش خۆی وەرگرتووە،یەکێک لەوانیش کە ئەفلاتوونە،زۆر بە قوڵی باسی ئەم بابەتە دەکات،کە هەموو فەلسەفەکەی خۆشی کردووتە دوو بەشی لەیەکتری جیاوازو دژ بەیەک.بۆیە لێرەدا (جەستە-

روح)هەریەکەیان ڕێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە،کە هیچ ڕێگایەکیان ناچێتە سەر ئەوەی تریان،بۆیە لە هەموو لایەنێکەوە دژی یەکتری نە.لە کوتایی ئەم توێژینەوەیە باسی تیۆری زانین دەکەینکە بابەتی سەرەکی و ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە،دەمانەوێت بزانین کە ئایا دیکارت بڕوای بەچ جۆرە زانینێکە کە مرۆڤ بەدەستی دێنێت،لە مێژووی فەلسەفەدا چەند جۆرە زانینێک مان هەیە،هەر لەم مەبەستەشتا فەیلەسوفان بوونەتە چەند بەرەیەک،کە هەریەکەیان سەر بە ئاراستەیەکی زانینن،دیکارتیش یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بڕوای بە جورێک لە زانین هەیە،ئەویش زانینێکە کە لە ڕێگای عەقڵەوە دەستگیردەبێت،عەقڵگەرایی (عەقلانیەت) وە لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانە بڕوایان بە زانینی زکماکی هەیە،بە پێچەوانەی ئەزموونگەراکان.

کە بڕوایان بە هەستەکان هەیە،ئەوان هەستەکان بە پێشەنگی زانینی ڕاست و دروست دادەنێن.ڕاستە زانین هەمیشە بە تاقیکردنەوەو ئەزموون و شارەزایی دەست پێ دەکات،بەڵام ناکرێت ئەم ڕاستیەش پشتگوێ بخرێت،کە ئەگەر چی زانین بە ئەزموون شارەزایی دەست پێ دەکات،بەڵام وەکو عەقڵ تواناى ئەوەیان نیە ئامرازی بڕیاردان و سەرنج و شیکردنەوەو لێکدان بێت،چونکە هەستەکان بە هیچ جۆرێک بیرناکەنەوە بەلکو تەنها زانیاریەکان وەردەگرن لە جیهانی دەرەوەی ئێمە دەگوازنەوە بۆ عەقڵ دواتر عەقڵ لێکیان دەدات و بابەتیان لێ درۆست دەکات.بەشێوەیەکی کورت و پوخت باسی فەلسەفەی دیکارتمان کرد وەک و پێشەکیەک بۆ چوونە ناو بابەتەکە لێرەوە دێین ئەم بابەتە بە شێوەیەکی وردوو درێژ باس دەکەین هیوادارم سودێک بە خوێنەری بەڕیز بگەیەنم.

## بەشی یەکەم/تەوەرەی یەکەم

## گرینگترین رەهەندەکانی توێژینەوە

### 1-ئامانجی توێژینەوە

بۆ ئێمە گرینگە کە توێژینەوەکانمان بە زمانی کوردی ئەنجامدەین،ئەوەش بۆ ئەوەی بە زمانی دایک تاوتوێی بابەتەکەمان بکەین و لایەنە فرە ڕەنگەکان شیبکەینەوەبۆیەش ئامانجی ئەوەیە کە سوودێک بە کتێبخانەی فەلسەفە بگەیەنین و چ لە ئیستا چ لە داهاتوو،ئامانج لە هەلبژاردنی ئەم ناونیشانە شیکردنەوەی کرۆک و ناوەڕووکی فەلسەفەی دیکارت و ساغ کردنەوەی شتە بەرجەستە بوەکان و ساغ کردنەوەی بوونی خودا تیۆری زانینەکەی بە تایبەتی بۆ گەیشتن بەو

زانینەی کە دیکارت دەلێت تاکە سەرچاوەی زانین عەقڵەو هەستەکان بە درووومان دەخەنەوەو هەڵمان دە خەلەتێن.

## 2-میتۆدی توێژینەوە

ئەوەی لەم توێژینەوە کاری لەسەر دەکرێت پێشاندانی ئەو تێڕامانە هزریانەی ڕێنی دیکارتە لەسەر فەلسەفەکی،لەم توێژینەوەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری بەستووە،لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان و پەیوەندیدارن لە ناوەرۆکی ناونیشانەکەمانەوە،مەبەست لەم میتۆدەی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییەلە شیکردنەوەی ناوەرۆکی فەلسەفەو تیۆری زانین لە ڕوانگەی دیکارتەوە وە بەهێنانەوەی نموونە بۆ روونکردنەوەی زیاتری ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان.

## 3-گرینگی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەک کە ئەنجام دەدرێت،گرینگی و تایبەتی خۆی هەیە،ئەم توێژینەوەیەش گرینیگی خۆی هەیە وەک هەموو توێژینەوەکان،گرینگی توێژینەوەکەم چەند تایبەتمەندیەک لە خۆی دەگرێت وەک:تێگەیشتن لە گومان بە گشتی و گومانی دیکارتی بە تایبەتی کە لەسەر بنەمای بیرکاری داناوەو جێگیرو نەگۆڕە،مەبەستیش لێی ئەوەیە کە دیکارت چۆن دەگاتە دڵنیایی و هەروەها ئەو زانینەی کە لە رێگای (عەقڵ) بەدەست دەهێنرێت و ڕەتکردنەوەی زانینی هەستەکان.

## 4-گرفتی توێژینەوە

هەر کارێکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت بێ لەمپەرو ئاستەنگ نییە، هەموو توێژەرێکیش ڕووبەڕووی هەندێک کێشەو گرفت دەبێتەوە،گرفتی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا دروست بوونی کۆمەڵە پرسیارێکە لەسەر بیرۆبۆچوونی دیکارت کە بوونەتە گرفت لە پێشمان وەک:ئایا ئەو ڕێگایەیی دیکارت گرتوویەتە بەر کە پێی وایە عەقڵ سەرچاوەی هەموو زانینێکە،بۆ رۆژگاری ئەمرۆماندا بەکەڵک دێت،ئایا دەکرێت تەنها پشت بە عەقڵ ببەستین و لە گوماندا بژین؟.

دیکارت فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای بیرکاری داناوە کەچی لەولاوە دەلێت بیرکاریش پێویستە گومانی لێ بکرێت ئایا دەکرێت ئەو گومانە میتۆدییەی دیکارت نەچێتە ژێرگومانەوە کە بناغەکەی جێی گومانە ئەویش بیرکارییە؟

دیکارت بڕوای بە زانینی زکماکی هەیە ئایا کە ئێمە لە دایک دەبین عەقڵی ئێمە هیچ شتێکی تێدا نووسراوە لەگەڵ خۆیدا هێناوە یاخۆد سادەو ساکارە؟

## بەشی یەکەم/تەوەرەی دووەم

پێناسەکردنی گرینگترین چەمکەکانی توێژینەوە

### 1-گومان

گومان ئاراستەیەکە لە چوارچێوەی جیهانبینی فەلسەفەدا لە کون پیرۆن،لەسەردەمی نوێدا رێنی دیکارت،دوو رابەری دیارو سەرنج ڕاکێشی ئەو رێبازەن. یەکەمیان گومانکاری رەهاو ئەویتریان پەنای بۆ گومانی میتۆدەیی بردوە.

پیرۆن(٣٦٠-٢٧٠ پ.ز) ڕابەری رێبازی گومانی رەهایە ئەو ئاراستەیە بڕیار بە(ئەری و نەری)نادات،بەلکو بە نازانم وەلامدەداتەوە.

به پێچەوانەوە گومانی دیکارتی میتۆدەییە،مەبەست و ئامانجی دیارو دەستنیشانکراوی هەبووە،لەگەڵ گەیشتنە ئامانجەکەی گومانەکە کاڵبوتەوەو دڵنیایی جێگاکەی گرتووتەوە.(عزیز،٢٠١٦: ٥٥-٥٦)

### 2-ئەقڵگەرایی

لە مەعریفەتناسیدا بە تیۆرێک دەوترێت کەبە پێی ئەو حەقیقەتەی لەزەینەوە دەست پێدەکات و بە زەین کۆتای دێت (کلاین،٢٠٢٠: ٢٣١)

### 3-تیۆر

تیۆر بریتییە لە بونیادێکی هزری_تێڕامانی،کە تیایدا ئەنجامەکان بە پێشەکی و بنەماکانەوە بەستراونەتەوە،هەروەها وشەی "تیۆر"لە وشەی تیۆریای یۆنانییەوە وەرگیراوە،بە واتای تێڕوانین و ڕامان، فەیلەسوفانی یونانی سەرەتا بە تەماشاکردن تێرامان و تێفکرین بۆ گەردوون و بوون و هەسارەکان بۆ زانینی چۆنیەتی جوڵانەوەی هەسارەکان دەستیان پیَ کردووە.

(حسێن،٢٠٢٢: ٥)

### 4-زانین

زانین بریتییە لە وێناکردنی زانراو لە ناخی زانەردا یان بریتییە لە دەرکپێکردنی فوڕمی شتەکان و بونەوەران وەک ئەوەی هەیە، وەک خۆی.یان بریتییە لە درکپێکردنی بابەتی تایبەت و سادە بە هۆی بەلگەوە یان بەبیَ بونی بەڵگە.هەروەک دەبینین(بێرتراند ڕسل) بەم جۆرە پێناسەی زانین دەکات و دەڵێت:بریتییە لەو میتۆدانەی،کە بۆ وەڵامدانەوەی دەورووبەر بەکادێن.

(حسێن،٢٠٢٢:٦)

## 5-تیۆری زانین

تیۆری زانین یاخود ئیپستمۆلۆژی بابەتێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی فەلسەفەو بە پێچەوانەی مێتافیزیک لەو ڕۆژەوە هاتۆتە کایەوە هەر هەوڵی پەرەپێدانی دراوە تا ئەو ڕادەیەی لەم سەردەمەدا لەگەڵ لۆژیک بەدوو لقە هەرە گرنگەکەی فەلسەفە دائەنرێت.

تیۆری زانین وەک زانستێک لەسەر دەستی (جون لوک) سنۆرو قەوارەو سەربەخۆیی پێ برا.

(عزیز،٢٠١٢: )

## ژیاننامەی دیکارت:

ڕێنی دیکارت لە ٣١ مارتی ساڵی ١٥٩٦ی زاینی لە شاروچکەی (لاهای) لە دایک بووە،ئێستا ئەو شوێنە بە ناوی دیکارتەوە ناودەبرێت،ئەگەر بچیتە ئەوی،ئەوا دەتوانی ئەو خانووەی دیکارتی تێدا لە دایک بووە ببینی دیکارت چوارەمین منداڵی خێزانەکەیە،دایکی لە دوایی ساڵێکی تەمەنی دیکارت لە کاتی لە دایک بوونی منداڵی پێنجەمی کوچی دوایی کرد.باوکی دیکارت (ژواکیم)لە دیوانی باڵای بەریتانی قازی بوو.شوێنی دادگا لە شاری (ڕن)لە ١٤٠ کیلومەتری شوێنی لە دایک بوونی دیکارتدا بوو، ژواکیم دوای مەرگی هاوسەرەکەی بە ماوەیەک دووبارە ژنی هێنایەوە،دیکارت لە ماڵی نەنکیدا پەروەردە دەبوو،دیکارت مناڵەتی خۆیی لە تاریکیدا بەسەر برد.دیکارت لە تەمەنی هەشت ساڵیدا خرایە قوتابخانەی شەو رۆژانەی یەسوعی کانەوە کە تازە لە لافلش کرابوویەوە،دیکارت هەموو رۆژێک نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستایەوە دوایی نیوەڕوش بە ئەسپ سواری و شمشێر بازی بەسەر دەبرد ئەگەرچی دیکارت لە سەردەمی قوتابخانەکەیدا قوتابیەکی هەرە چاک بوو، بەڵام وا دەردەکەوێت کە هەمیشە لە خوێندنەکەی نا قایل بوو،ئەو شتانەی لە قوتابخانە فێردەبوو زۆربەی بەبێ نرخ دەهاتنە بەرچاوی،ڕێنماییەکانی ئەرستۆ کە سەدان ساڵ بوو.جۆربەجووری لێکدەرەوەکانی لەسەر کەلەکە دەبوو،خودا ناسی ئەکویناس کە بوونی کونی لێدەهات و بۆ هەر پرسیارێک وەڵامی هەبوو و کەچی وەڵامی هیچ پرسیارێکیشی نەدەدایەوە، بە وتەیەکی تر زەڵکاوێک لە مێتافیزیک لە دیدی دیکارتەوە هیچ شتێک لەوانەی کە فێری ببوو بێجگەلە ماتماتیک جێگای یەقین نەبوون.دیکارت بە درێژایی ژیانی خاڵی بوو لە پەیوەندییە هەرە ناچاریەکانی وەک و ماڵ و خێزان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.دیکارت بە ناڕەزاییەوە وازی لە قوتابخانە هێنا،وەک سوکرات گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هیچ نازانێت،تەنانەت ماتماتیکیش تەنیا هەرئەوە دەتوانێ بکات کە یەقینێکی جیاواز لە وجودی مرۆڤ بە دەست بێنێت،تاقە شتێک ئەو یەقینی پێ هەبێت بێجگەلە مەسەلەکانی ماتماتیک بوونی خودابوو.(ستراترن،٢٠٠١: ٦،٧،٨).

دیکارت بنەماکانی فەلسەفەکەی زیاتر لەسەر بیرکاری داناوە واتا پێی وابوو دەبێت ئەو ئەنجامانەی ئێمە لێی تێدەگەین ڕاست و دروست بن وەکو بیرکاری جێگیربن.

(دیکارت لە بواری ماتماتیکدا،باوەڕێکی بەهێزی بە لۆژیک هەبووە پێی وابوو لەم ڕێگەیەوە دەتوانین تەفسیرێکی تەواوی گەردوون بکات،لێرەوە ڕەنج و کوششە زۆرەکانی ئەو لە بواری زانستەکان بە گشتی و بیرکاری بە تایبەتی دەردەکەون.دیکارت هەوڵی داوە زانستی ماتماتیک بە شێوەی وێنەکێشان بخاتە ڕوو.ئەمڕوو ئەمە بە داهێنانی دیکارت دەناسرێت.ئەو هێمای (س،ص)بۆ بیرکاری بەکاری دەهێنا جەبرو هەندەسەی بەیەکەوە کوکردنەوە.ئەم ڕێگە نوێیەیی دیکارت بۆ ئایندەیەکی نویٚ،وەک کڵاو ڕۆژنەیەک وابوو.

پوختەیەک لە ژیانی دیکارت:

-لە گوندی (الیهای) وڵاتی فەڕەنسا لە دایک بووە.

-لە تەمەنی بیستساڵیدا بڕوانامەی پارێزەری وەردەگرێت.

-ماخۆی وتەی "من بیردەکەمەوە،کەواتە من هەم".

-تووشی نەخۆشی سییەکان دەبێت،دوایی چەند مانگێک کۆچی دوایی دەکات.(عەبدولوەهاب،٢٠١٦:١٣١).

## گومان:

جۆرێکە لە بیرکردنەوە بیرکردنەوەیەکی پرسیاریە پێش هەموو قوناغێکی گومان پرسیار دروست دەبێت،ئەوکاتە پرسیار دروست دەبێت کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێی هەموو گومانێک بیرکردنەوەیەکی پرسیارییە لە دوایی هەموو پرسیارێک ئەم نیشانانە گەڵاڵە دەبن:- (؟،!،؟!)

بۆ نموونە ٢+٢=؟ من وەڵامەکەی دەزانم تەنها پرسیارم کردووە هیچ گومانێکم نییە.لە وەڵامەکەی دڵنیام بەڵام کاتێک پرسیار دەکەم وەڵامەکەی بە هیچ شێوەیەک نازانم ئەوکات دەکەومە دۆخی سەرسوڕمانەوە؟؟

(دیکارت لە نوسینە هزرێنەرەکان سەبارەت بە یەکەم فەلسەفەدا لە گومانی ڕیشییەوە سەرچاوە دەگرێت،تاکو لەسەر بناغەکەی هەموو شتێک بخاتە ژێر پشکنینەوە،گومانەکەی دیکارت گومانێک نیە کە لە نێو گومان خۆیدا تەواو ببێت،بەڵکو تەنها گومانێکی میتۆدییە،گومان بریتییەلە پشکنینیٚ میتۆدییانەی دەرچوون و لە دژی ئەم گومانەش دەبێت بیٚ گومانی خۆیی بچەسپێنێت)(جەلال،٢٠٠٨: ١١).

گومان یەکەم دۆخی هەڵوێستەکردن و وەستانە لەسەر شتەکان پرسیار درۆست کردنە لە بارەیانەوە،گەر بمەوێت گومان لە بارەی قەڵەمێکەوە بکەم پێش هەموو شتێک دەبێت بیکەمە

هەڵوێستەوە بیربکەمەوە کە باشە یان خراپ دەبێ بیکەمە بابەتێک ئەوکات پرسیارێکی سەرسوڕمانی دروست دەکەم،کە ئایا ئەم قەڵەمە باشە کە بیرمان لەبارەیەوە کردەوە یان نەخێر.

(گومانی فەلسەفی جیاوازە لە گومانی ژیانی ڕۆژانە ئەوەی گومان دەکات مەرج نییە گومان کاربێت،چونکە گومانکاری بەرزکردنەوەی ئاستی گومان و دوو دڵییە لە ئاستی ویژدانی و دەروونییەوە بۆ ئاستی هزرین و ڕامانی فەلسەفی و هۆشەکی.لە فەلسەفەدا گومانکردن ئامرازێکی گرینگ و خاوەن ئامانجی بیرکردنەوەیە لە خۆدی پرۆسەی بیرکردنەوە.)(سوەیلی،٢٠٠٩: ٥٧).

گومانی ئاسایی یان ژیانی ڕۆژانە هەموو مرۆڤێک لە ناخیدا هەیتی،بۆ بەدوادا چوون و دەرخستنی ڕاستیەکان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی،واتە گومانەکە زیاتر ئەگەریە نموونە بڵێین سبەی ئەگەری باران بارینی هەیە،لێرەدا گومان کردن هەر ئەوەیە کە دەبارێت یان نا،بەڵام گومانی دیکارت گومانێکی میتۆدی و ڕێکخراو بوو، کە گومانەکە عەقڵی بوو بۆ گەیشتن بە یەقین،کە لای ئەو گومان تاکە ڕێگەبوو بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. دیکارت دەڵێت مرۆڤ دەبێت گومان بکات ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت،گومان دەبێت لە هەموو شتێک بکرێت تەنها شتێک نەبێت ئەویش بوونی خۆت.

گومانی دیکارت گومانکردن بوو لە هەموو ڕابردووی خۆیی لە پێناو چاکسازی خۆد،بۆ ئەوەی بگات بە یەقین و حەقیقەتی تەواو، واتە خۆی سفر دەکردەوە مێشکی خۆی لە هەموو شتێک دادەماڵێت تا سەر لە نوێ لە گومانەوە دەست پێ بکات.دیکارت بە گومان خۆی لە بڕیاری پێش وەختە دەپاراست.مرۆڤەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی بگەن بە ڕاستی شتەکان واتە زیندەوەرێکی پرسیارکەرو گەڕان بەدوایی ڕاستیەکانە، بۆ گەیشتن بەم ڕاستیانەش پێویستی زۆریان بە گومان هەیە.

## گومانی میتۆدی:

پوختەیەک لە فەلسەفەی دیکارت میتۆدی گومانکردن و پرسیارکردنە لە گەڕان بە دوای مەعریفەتدا. دیکارت بە دامەزرێنەری فەلسەفەی عەقڵانیەت دادەنرێت،کە بەهۆی میتۆدو تیۆرەکانی ئەوەوە سەری هەڵداوە،وە بەهۆی ئەم کارانەی دیکارتەوە سەردەمەکەیان بە سەردەمی ڕۆشنگەری ناسراوە.دیکارت لە بناغەکەی فەلسەفەکەیدا گومان بە بنەمای یەکەم و سەرەتایی میتۆدەکەیدا دادەنێت،بۆ گەڕان بەدوای مەعریفەو ڕاستی و حەقیقەتی شتەکان،لێرەدا دیکارت کۆی گشتی فەلسەفەکەی بە ماتماتیکەوە بەستراوبوویەوە، واتە هەموو شتەکان دەچوونەوە سەر بیرکاری کاتێک کە بیرکاریش گەیشتە ئەنجام بۆ هەموو بۆ هەموو کەسێک و هەموو سەردەمێک جێگیرو نەگۆڕە بۆ نموونە ١+١=٢

ئەم ئەنجامە لە هەرکات و شوێنێک بێت هەر هەمان شتەو نەگۆڕیشە،هیچ هێزێک و سەردەمێک و هێزێکی تر ناتوانێت ئەم ئەنجامە بگۆڕێت. بۆیە لای دیکارت دەبێت هەموو ئەنجام و ڕاستیەکان،وەک

بیرکاری نەگۆڕبن و هەمان بناغەی تێفکرینیان هەبێت،کە ئەویش گومانکردن و پرسیارکردنە. کەواتە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست مەحاڵ نییە.

لە دیدی دیکارتدا بەبێ گومان بەبێ پرسیارکردن بلێیت من گەیشتوومەتە ڕاستی،ئەوا لە خەیاڵ و وەهمدا دەژیت.دیکارت فکرو هۆشی خوی دادەمالێ لە هەموو ئایدولۆژیاو شتە ئاڵوزو لێلەکانی ڕابردوو ئێستا واتە خۆ سفرکردنەوە سەر لەنوێ دەستی پێدەکردەوە لە گومانەوە تاکو دەگەیشتە یەقین دڵنیایی.بۆیە هیچ کاتێک درەنگ نیە بۆ مرۆڤ کە بیربکاتەوەو لە پرۆسەیەکی قوڵ و ورد کە بتوانێت خۆی تێدا بدۆزێتەوەو بەدوای مەعریفەو ڕاستی شتەکان بگەڕێت،

بۆیە دیکارت دەڵێت(وردبوونەوەکەی دوێنێم خستیە نێو دەریایی گومانێکی ئەوتوو لە توانامدا نەبێ لە بیر خۆمی ببەمەوە،لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم چۆن چارەی بکەم هەروەک لەناکاو کەوتمە نێو ئاوێکی قوڵ سەرم لێ شێواوە، نەدەتوانم لاقم لەبندا جێگیربکەم،نە دەتوانم خۆشم بە مەلە سەرئاو بخەم،لەگەڵ ئەوەشدا کوشش دەکەم لەسەر ئەو ڕێگایەیی دوێنێ گرتمەبەر بەردەوام دەبم تا هەموو ئەو شتانە لەخۆم دوور بخەمەوە کە لەوانەیە تۆزە گومانێکیان لێ بکەوێتەوە.)

(عەزیز،٢٠١٢: ٨٣)

ئا لەم پرسیارانەدا دەردەکەوێت کە دیکارت لە گێژاوێکی زۆر قوڵی گوماندا بووە و زۆربە قۆڵی بیری کردووتەوە،تائەو ڕادەیەیی ونبووە لەناو گوماندا،تا ڕادەیەک دەگاتە لوتکەو ئەو گومانەشی تەنانەت هاوکێشە بیرکاریەکانیش دەگرێتەوە،مادام ئەو گوتویەتی هەموو شتێ دەبێ گومانی لێ بکرێت،تەنیا شتێک نەبێت ئەویش بوونی خومانە،کەواتە بیرکاریش دەگرێتەوە.

(تەنانەت گومانیشم لە ماتماتیک هەیە دەشێت گیانێکی شەڕانی، هێزێکی خراپە وام لێبکات بڕوا بەوە بهێنم وام لێبکات بڕوا بەوە بهێنم،کە[٢+٢=٤] بەڵام ڕەنگە لە ڕاستیدا بکاتە[٥یان٦] )(مستەفا،٢٠٢١: ٤٩٦)

دیکارت دەڵێت کێ ناڵێت ئەم دونیایە خەوێک نیە من لێی بە ئاگا نەهاتوومەتەوە،هەستەکانمان بەرەو هەڵەمان دەبەن،هیچ شتێک بە قەد ئەوە هەڵەو جێی گومان نیە کە هەستەکانمان دەیان بەنە خەیاڵمانەوە.

(مادام خەڵکێک هەن بە ساناترین شێوە هەڵەی لۆژیکی دەکەن منیش وەکو هەر کەسێک دەشێم هەڵە بکەم،بۆیە وەک بەڵگەی هەڵە هەموو ئەوانەم تێ هەڵدا،کە جاران بە بەڵگەی ڕاستم دانابوون،دواجار ببینم هەمان ئەو بیرۆکانە لە بێداریدا هەمانن دەشێت لە خەونیشدا هەبن بێ ئەوەی یەک بیرۆکەی دروستیان تێدابێت بڕیارم دا ئەو شتانەی دزەیان کردووتە زەینمەوە،دروست نین بەڵام هەر زوو وریا بوومەوە کە گەر بەم شێوەیە بیربکەمەوە هەموو شتێک هەڵەیە)(مەلا،جەلال،٢٠١٥: ١٧٥،١٧٦،١٧٧).

ئەنجامی گومانەکەی دیکارت،لە قوڵبونەوەو وردبوونەوە کەوتووتەوە نەک لە خۆیەوە کەوتبێتەوە، گومانەکەشی میتۆدەییە بۆ ئامانجێک دەگرێتەبەر ئەو ئامانجەشی گەیشتنە بە دڵنیایی(یەقین).

## ساغکردنەوەی بوونی شتەکانی دەوروبەر:

دیکارت دەڵێت هەستەکانمان هەلخەڵەتێنەرن،جێی گومانن و ناکرێت بە ڕاستیان بزانین،چونکە بە تەفرەمان دەبەن وەک و خۆیان نامێنن و دەگۆڕێن،بۆیە ناکرێت پشت بە هەستەکانمان ببەستین.هەر لە منداڵیەوە کومەڵە بیرو بۆچوونی زۆر هەڵەم وەرگرتن و پێم وابوو ڕاستن، بەڵام کاتێک لەسەر بناغەی گومانم دانان ئەوکات بوم دەرکەوت کە هەڵەن و هەڵیان خەلەتاندووم.کەواتە ئەگەر بمەوێت شتێک لەسەر بنەمای زانستی و ڕاست و دروست دابمەزرێنم،ئەوا لە بناغەوە دەست پێ بکەم، لە شتەکان وردوو قوڵ ببمەوە.کەواتە ئەو شتانەی هەتا ئێستا بەڕاستیمان دەزانی،لە رێگای هەستەکانەوە پێمان گەیشتوون،بۆمان ساخ بووەتەوە کە جێگای دڵنیایی نین هەڵخەڵەتێنەرن. بۆیە ئێمە دەمانەوێت بگەڕێین یاخود خۆمان تەرخان بکەین بۆ گەڕان بەدوایی ڕاستی و حەقیقەتی شتەکان، ئەوەش لە ڕێگەی گومانەوە دەکرێت،بە تایبەتی گومانکردن لە شتە هەستەکیەکان.ئەگەرچی وابێ کە هەستەکان لە شتی زۆر پێکهاتوون و ئێمە ئەگەر بلێین هەڵخەڵەتێنەرن لە هەموو لایەنەکەوە،ئەوا عەقڵ قبوڵی ناکات،چونکە هەندێک شت هەن ناکرێت گومانێکی ئەوتۆیان لێبکرێت وەک:(من لێرەدا لە نزیک ئاگرەکەم و ئەم کاغەزەم بە دەستەوەیە کەلەسەری دەنووسم، بمان خەڵەتێنن.بەڵام ئەگەر بیرم لەوە کردەوە من مرۆڤم و عادەتم وایە دەخەوم،لە خەوندا هەمان ئەوشتانە دەبینم،کەلە بێداریدا دەیانبینم و هیچ بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر نیە بۆ جیاکردنەوەی خەو لەگەڵ بێداری،ئەوا ناچارم بە چاوی گومانەوە تەماشای هەموو ئەوانە بکەم کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەرمگرتوون.)(دیکارت،٢٠٢٠: ٤٨)

ئەوشتانەی لە خەودا دەبینین هەمان ئەوشتانەن کەلە ڕاستیدا هەن وەک نموونە"دەست،پێ،چاو،مانگ،دار،دەریا....هتد.کەواتە هیچ هەستێک نیەو ناتوانێت خەو لەگەڵ بێداری جیابکاتەوە،بەلکو تەنها تاکە شتێک هەیە کە ئەو دوو لایەنە لێک جیابکاتەوە بیرکردنەوەکانمە(ئاگاییە)کە ئەمەش،دەستی پێکرد بۆ گەڕان بەدوایی حەقیقەتدا لەرێگەی پرسیارکردن و گومان دەکرێت،گومانکردنیش

(یەکەم لە هەموو ئەو شتانەی کەدەکەونە بەر هەستەکانمان،یان ئەوانەی کە وێنایان دەکەین،ئەگەر بێت و ئەمانە بیرێکیان تێدا چاندبێت.لەبەر ئەوەی ئەزموون ڕێنوێنیمان دەکات لەسەر ئەوەی کە هەستەکانمان لە زۆر جێگادا هەڵیان خەلەتاندووین،ئەوەش لە کەمی ئاگاییەوەیە،کە دڵنیاین لەوەی کە خەڵەتاندوین با ئەگەر جارێکیش بێت.)(عەزیز،٢٠٠٩: ٧٠)

کەواتە لێرەدا هەستەکانمان بەلاوە دەنێین،چونکە تەفرەبەرن و شتەکان بە ڕاست نادەن بەدەست خۆمانەوە بەلکو بەشێوەیەکی ناڕاست هەڵمان دەخەلەتێنن و جێی گومانن.ئەگەر بێت و سەرنجی شتەکان بدەین ئەوانەی کەبە گرینگ دادەنرێن و هەموو کەس دەتوانێت لێیان تێبگات بەشێوەیەکی ئاشکرا نەک شتەکان بە گشتی،چونکە نارێک و تەم و مژاوی دەبن.ئەگەر بێت و سەرنج بدەین نموونە:کەشتیەک لە دوورەوە بچوک و وەستاوە،بەڵام لە ڕاستیدا کەشتیەکە

گەورەیەو هەروەها دەجوڵێت،یان تیشکی خۆر بچووکە دەتوانیت بەدەست بگریت،بەڵام لە نزیکەوە بە قەد دوو ئەوەندەی زەویە،یاخود زۆرجار لەسەر جادەی قیرتاوکراو سەراب دەبینین پێمان وایە ئاوە،بەڵام کە لێی نزیک دەبینەوە هیچ شتێک دیار نامێنێت.ئەمە چەند نموونەو بەلگەیەک بوو لەسەر بڕوانەکردن بە هەستەکان بەڵام ئەگەر بێت و نموونەیەکی ڕوونتر و ئاشکراتر وەربگرین کە دیکارت خۆیی ئەو نموونەیەیی هێناوەتەوە ئەویش

(بۆ نموونە ئەم پارچە مێوە،تۆزێک پێشتر لە شانە کراوەتەوە شیرینی ئەو هەنگوینە تێدا بووە هەر پێوەیەتی و بوونی خۆشی ئەو گوڵانەی تێدا ماوە کە لێیانەوە وەرگیراوە.ڕەنگ و ڕۆخسارو قەوارەکەی لەبەر چاون،ڕەقە،ساردە،بەئاسانی بەدەستەوە دەگیرێت بەڵام کاتێک لە ئاگردانێک نزیک دەبمەوە ئەو تامەی هەی بوو نامێنی،بونەکەی دەڕوا،ڕەنگەکەی دەگۆڕی،گەورەتر دەبێت،شلدەبی،گەرم دەبی،دەستی لێدەی هیچ دەنگی لێوە نایەت.)(عەزیز،٢٠١٦: ٥٠،٥١)

ئێستا مێوەکەی جاران نما،هەموو شتێکی گۆڕاوە هیچی وەک خۆی نما.کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بۆیەوە کە هەر پێنج هەستەکانمان لەو شانە هەنگوینەدا هەبوون،بە تێکڕا هەر پێنجیان هەڵیان خەڵەتاندین،بونکردن،تامکردن،دەست لێدان،گوێ بیست بوون،بینینی شێوەکەی.لێرەدا مێوە شانەکە هەر ماوە بەڵام سیفاتەکانی بە کاریگەری ئاگرەکە گوڕان.

## کۆجیتۆ

لەمەو پێش باسی دیکارتمان کرد کە چۆن گومانەکەی داناوەو لەسەر چ بنەمایەک بەندە،کە گومانێکی میتۆدی بوو،کە ئەویش ئەوەبوو دیکارت گومانی لە هەموو شتەک دەکرد تەنها شتێک نەبێت [وجود]بوونی خۆی.دەکرێت بڵێین گومانە میتۆدیەکەی دیکارت ئامرازێک بوو بەکاریهێنابوو بۆ ڕەواکردنی ئامانجێک،ئەویش ساخکردنەوەی بوونی خۆیی لەبەرئەنجامی بیرکردنەوەکانی و گومانکردن لە هەموو شتەک،کە توانی بوونی خۆیی بسەلمێنێت.

(دیکارت لە کوگیتۆدا دوو نیشانە بەم ڕێیەی خوارەوە بەڕێدەکات ئەم ڕوانگەیەیی کە من گومان دەکەم،گەرەنتی هەبوونی منە.لە تەک ئەوەدا گومانکردن یەکێکە لە جۆرەکانی هزرو خودی هزریش شتێکی جەختێتیە.بەمجۆرە،لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دەهزرێنم و ئازاد لەوەی سەبارەت بەچی دەهزرێنم،ئەوا دەتوانم جەختم هەبێت کە هەم.)

(تامسۆن،٢٠١١: ٩٤).

گومان یانی بیرکردنەوە گومان بەڵگەیە لەسەر بیرکردنەوە،بیرکردنەوەش بەڵگەیە لەسەر بوونی من دەبێت منێک هەبێت کە گومان دەکات بەبی منێک چۆن دەکرێت گومان بکرێت،گومان لەهەر شتێک بکەم ناتوانم گومان لەوە بکەم کە من نیم،یەکەم شت کە دیکارت پێی دەگاتە دڵنیایی بوونی خۆیەتی ئینجا ئەم منە قاچم نیە،دەستم نیە،ماددە نیە،شتێک لەناو مندا هەیە کە ئەم

بیرکردنەوەی هەڵگرتووە،لێرەدا چی دەسەلمێنێت "دەروون رۆح"دووەم شت کە دڵنیایی دەکاتەوە ئەو منەیە کەلە ناو جەستەدا هەیە.ئەو منەش فکریە دەبێت جەستەیەک هەبێت کە ئەو منەی هەڵگرتبێت.ئێستا {من بیردەکەمەوە،کەواتە من هەم} بەڵام چۆن بوونێک ،بە بیرکردنەوە تەنها ئەوکەسانە ئاسوودە دەکات کە بە تەواوی و بە قوڵی بیردەکەنەوە و لە شتەکان تێ دەگەن،زانین و مەعریفە وەک دەریایە،ئەوەی لە لێواری مەلە بکات تەنها قوڕاوی بوونەکەی بۆ دەمێنێتەوە،ئەوەی بگاتە قوڵای بە ئاسودەیی مەلە دەکات چێژی لێ دەبینێت.

(من بیردەکەمەوە،کەواتە من هەم من شتێکی بیرکەرەوەم هەروەها من بە سروشت و ماهیەتیش شتێکی بیرکەرەوەم،وەمن ناتوانم وازلەبیرکردنەوە بێنم بەبێ ئەوەی واز لە بوونم نەهێنم.لە ڕاستیدا من هەمیشە بیردەکەمەوە هەروەها لە حالەتی بێ ئاگایی و نا هۆشیاری و نەستیشدا هەر بیردەکەمەوە لە هەموو حالەت و بارەدۆخێک من هەر بیردەکەمەوە)(غالب،٢٠٠٥: ٩٤)

لێرەدا دیکارت هەروا بە ئاسانی بەوە نەگەیشتووە بڵێت بیرکردنەوە پێش بوونە،بەلکو لەناو خۆیدا تۆشی ململانێو بەربەستی زۆر گەورەبووە و بە سنورەکانی گوماندا تێپەڕیوە.ئەوە گومانە کە لە ڕێگەیەوە دەگەیتە ڕاستی هەموو شتەکان،ئەگەر شتەکانیش هەڵەبن،ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە من بیردەکەمەوە،چونکە بۆ ئەوەی گومان بکەیت پێویستە بیربکەیتەوە.

پێش ئەوەی بگوترێت من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم دەبێت بگوترێت من گومان دەکەم،کەواتە من بیردەکەمەوە،چونکە یەکەمین شت کە دەیکەیت گومانە،گومانیش لە بیرکردنەوەدا دروست دەبێت دوای ئەوەی کە تۆ گومانت کرد،پرسیارت بۆ دروست دەبێت کە پرسیاریش دروست بوو ناچاریت بە دوای وەڵامدا بگەڕێیت،کەواتە گومان کردن ئامرازێکە کە بەکاریدەهێنین بۆ گەیشتن بە ئامانج ئەویش حەقیقەتی ئەوشتانەی کە جێی پرسیارن.

لێرەدا کەمن دەڵێم من هەم ئەوا شیاوی گومان لێکردن نیە،من وێنای شتەکان دەکەم ئاخر گەر من نەبوومایە ئەوسا نەم دەتوانی هیچ وێنایەک بکەم،کەواتە ئەوە بە زەروورەی ڕاستە کەمن هەم،کەمن لێرەدا بوونم هەیە ئەو منە شتێکی هزرێنەرە کە گومان دەکات تێدەگات شتەکان لێک جیادەکاتەوە.

## ساغکرنەوەی بوونی خودا:

دیکارت دەڵێت هەرشتێک پەی پێ ببرێت،ئەوا دەبێت بوونی ڕاستەقینەی هەبێت من لە خودی خۆمدا لە دەروونی خۆمدا پەی بە شتێکی ئاشکراو ڕوون و ڕەوان دەبەم،ئەویش بوونەوەرێکی بەدەسەڵات و بێ سنورو ئەوپەڕی کامل بوونە،لە جیهاندا هەموو شتێک گوڕانکاری بەسەردا دێت هیچ شتێک کامل نییە(من هەست دەکەم بوونەوەرێکی ناتەواوم،سنوردارم،کەم و کوڕیم تێدایە،بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا لە ناخمدا بیروکەیەکی ڕوون و ڕەوان و بوونەوەرێکی کامل و تەواو بێ کۆتایی و بێ سنور هەیە ئەویش خودایە.)(عزیز،٢٠١٦: ١١٧).

کەواتە دەبێت شتێک هەبێت لەناو بیری مندا،کە کامڵە بێ سنورە،من چۆن دەتوانم بیر لە کاملێک بێ سنورێک بکەمەوە کە خۆم ناکامل و سنوردارم،دەبێت ئەو کامل و تەواوە خۆیی کردبێتە ناو بیری من بۆیە خودا هەیە،ئەگەر نەبێت ئەم بیرکردنەوەیە لە کوێ هات،ئەگەر نەبێت من چون دەتوانم بیری لە بارەیەوە بکەمەوە،چونکە هەرشتێک ئێمە بتوانین بیری لێ بکەینەوە بوونی هەیە،ئەگەر بێت و لە جیهانی دەرەوەی ئێمەشدا نەبێت هەر بوونی هەیە چونکە لەناو بیرو زەینی ئێمەدا هەیە.ڕەب خۆیی هۆکاری ئەم بیرەی منە خۆیی کردووتە ناو بیری مندا.ئەو بۆچوونەی دەربارەی ڕەبەوە بەدەستم هێناوە،ئەمە بەهۆی هەستەکانەوە دەستگیر نەبووە،هەروەها من ئەمەشم بە خەیاڵ دروست نەکردووە،چونکە من ناتوانم شتی زیادەی بخەمە سەر یاخود لێی کەم بکەمەوە،خودا منی دروست کردووە ئەو بڕوایەیی لام پەسەند کردووە کەلە هەندێک لاوە لەسەر وێنەوە کردەوەکانی خۆیی منی دروست کردووە.

(لە ڕاستیدا من لەناو بیرۆکەکانم بیرۆکەی خودا دەبینم،واتا بیروکەی مەوجودێکی کامڵی نا کۆتا.ئەو بیرۆکەیەش ڕۆشن و جیاوازە چونکە هەموو ئەو تەواوییەیی من وێنادەکەم تێیدایە.لە کوێوە بوم هات؟ئایا بڵێم لەخۆم هەڵێنجا؟بەڵام وەک بینیمان من بوونەوەرێکم گومان دەکات و ڕاڕا دەبێ،گومانیش نیشانەی ناتەواوییە)(کەرەم،٢٠١٧: ١٠٣).

لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە ئەو زاتەی کە بیری لە بارەیەوە دەکەینەوە،کاملە هیچ نەقسی تێدا نیە بوویە لە توانای ئێمەدا نیە نەهیچی بۆ زیادبکەین نە هیچی لێ کەم بکەینەوە،دیکارت پێی وایە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی زکماکیە هەر لەگەڵ لە دایک بوونماندا لەگەڵ ئێمەدایە،بۆیە ئەگەر ئێمە دروستکراوی خودا نەباین نەمان دەتوانی بیری لێ بکەینەوە.هەموو کات ئێمە پشت بە جەوهەرێکی مەزن دەبەستین کەلە ناو بیری ئێمەدا هەیە،ئەگەر چی ئێمە خودا لە دونیایی فیزیکی دا نابینین بەڵام فیکرەی بێ کۆتایی و خالق چانسی بوونی زیاترە لە فیکرەی خەلقکراو.لێرەدا دیسانەوە توشی گومان و پرسیار دەبین ئایا کێ هۆکاری بوونی ئەو عەقڵەیەکە توانای وێناکردنی فیکری کامڵ بوونی هەیە،ناکرێت خۆم هۆکاری بم و وەناشکرێ سروشت بێ چونکە دەبێت زاتێک بێ سنورێک لە پشت ئەمەوە هەبێت.کەواتە هۆکاری بوونی ئەو عەقڵە شتێکە کە توانایەکەی زیاترە لە تەنها توانای تێگەیشتنی شتەکان،مرۆڤ توانای هەیە شتەکان دەرکک بکات بەڵام توانای نییە هیچ و نەبوون دەرک بکات بۆیە ناتوانێت لە نەبوونەکەی شتێک بهێنێتە بوون،لێرەدا ئەگەر مرۆڤ توانای ئەمەی هەبوایە هیچ و نەبوون درک پێ بکات،ئەوا دەبوویە خاوەنی سیفەتی کامڵ بوون،بەڵام مرۆڤی کامل نیەو کەم و کوڕی کۆتایی هەیە،بۆیە تەنها خودایە توانای تەواوی هەیە بۆ خەلقکردنی عەقڵێک کەلەناویدا ئایدیایی خودای تێدایە،بۆیە خودا ئێمەی خەلق کردووە کەواتە خودا بوونی هەیە.من بەم شێوەیە دەبینم(ئاخر من ناتوانم جگە لە دوو بێ گومانی پشت بە بێ گومانی زۆرتر ببەستم واتا جگەلە بێ گومانی من ئایدیام هەیەو لەبەر ئەم هۆیەش من هەم هەروەها بێ گومانی ئایدیایی خودا کە جەختی و ڕاستی هەموو زانین و ناسین بەندن بە جەختی من خوم و خواوە.)(جەلال،٢٠٠٨: ١٤).

## دولیزمی جەستەو رۆح:

دیکارت کێشەیەکی فەلسەفی دەنێتەوە کە فەیلەسوفەکانی پاش خۆیی پێوە سەرقاڵ کردووە، ئەویش کێشەی دوالیزمە بوونی دوو ڕەگەزی دژ بەیەک لە یەک کاتدا(جەستە-رۆح) رۆح لە لای دیکارت تایبەتمەندی هەیە،(نەگۆڕ،لەناوچوو،بیرکردنەوە )دیکارت دەلێت چۆن دەکرێت دوو شتی دژ بەیەک لەیەک کات و شوێندا پێکەوە کۆ ببنەوە ئەویش رۆح و جەستەیە (لێرەدا دیکارت جەخت لەسەر بوونی دوو شتی جیاواز هەیە یان دوو جۆر ماددە یەکەمیان بیرکردنەوەیە یان "رۆح"دووهەمیش درێژبوونەوەیە یان "مەترِیال" رۆح تەنها ئاگاییەو هیچ شوێنێکیش لە بۆشاییدا داگیر ناکات لەبەر ئەوە نارێت بەسەر بەشی بچکولەتردا دابەشبکرێت.لەکاتێکدا مەترِیال بە پێچەوانەی رۆحەوەیە درێژ دەبێتەوەو شوێنیش لە بۆشاییدا دەگرێت لەبەر ئەوەی هەمیشە بەسەر بەشی بچکولەتردا دابەش دەکرێت.)(گاردەر،٢٠١٦: ٤٠٢).

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین دەروون گەوهەرێکی سەربەخۆیەو سروشتەکەشی ئەوەیە بیردەکاتەوە،بەڵام لەش ماددەییەو لەناوچوویەو بەردەوام خۆیی لە گۆڕاندا دەبینێتەوە. لە ڕوانگەی دیکارتەوە جەوهەری نەفس و جەستە پێکەوە کۆنابنەوە،چونکە هەریەکەیان خەسلەتی دژ بەویتریان هەیەو دەبێت بە جیا لێیان تێبگەین،جەستەو رۆح کۆیەکی یەکتا پێک دەهێنێت کە پێی دەگوترێت گیانەوەر یان مرۆڤ لەلای دیکارت جەستەو رۆح هەردو

## تیۆری زانین لە فەلسەفەی دیکارتدا:

(تیۆری زانین،داهێنانێکی فەیلەسوفی ئینگلیزی ئەزموونی ئیمپیری جۆن لوک(١٦٤٢_١٧٠٤)بووە.ئەو فەیلەسوفە لە شاکاری "هەوڵێک لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ"لەساڵی ١٦٦٧ز دوا رۆخسارو ناوەڕووکی بە پرۆسەی زانین بەخشیوەو لەسەر دەستی ئەودا بووە بە تیۆری زانین،بەشێکی سەرەکی لە فەلسەفەو لە تیۆری زانست.)(عزیز،٢٠١٦: ٤٨).

گەرچی لە پێش جۆن لۆکیش بابەتی زانین هەبووە بەڵام ئەوکات بە پرۆسەی زانین ناودەبرێت،واتە لەگەڵ جۆن لۆک گۆڕا بۆ تیۆری زانین.لە مەسەلەی زانیندا کومەڵە پرسیارێک دەوروژێنرێن ئەویش ئایا زانین ڕۆڵی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا،یاخود ئەو ڕێگریانە چین کە ئەو زانینەی تێدا دەستەبەر دەبێت،یان ئایا ئەوزانینەی کە مرۆڤ دەستی دەکەوێت ئەگەرو گومان دەرەوێنێتەوە یان نا.ئەو زانینەش دەکرێت بەچەند ڕێگەیەکەوە بەدەست بێت،زانینێک کەلە ڕێگای عەقڵ و ژیرەوە بەدەست بێت یاخود لە ڕێگەی ئەزموون و هەستەکانەوە،جۆرە زانینێکی تریشمان هەیە ئەویش زانینی وەحی (حدث) ئەم جۆرە زانینەش باوەڕداران و عاریفەکان ژێر کاریگەری و بڕوایان بەم جۆرە زانینە هەیە.زانینەکان سەرەتا لە ڕێگای هەستەکانەوە بۆمان دێن لە جیهانی دەرەوەدا بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە تاکە سەرچاوەی زانین هەستەکان و ئەزموون بن، ناکرێت عەقڵ و ژیر پشتگوێ بخرێن چونکە هەستەکان

ناتوانن بیربکەنەوەو بڕیار بدەن،لێکدان و شیکردنەوە بۆ شتەکان بکەن بەلکو ئەوە کاری عەقڵە،ئەو زانینەی لە ڕێگای هەستەکانەوە بومان دێن سادەو ساکارن و لێلن هیچ مانادار نیە تاکو پرۆسەی عەقڵدا تێپەڕنەبێت. کەواتە لێرەدا زانینی عەقڵ و ئەزموون پێکەوە بە هاوبەشی یارمەتی دەری مرۆڤن،بۆ زانین و ناسینی شتەکان و چونیەتی لێکدان و شرۆڤەکردنیان.هەرچەندە ئەو ڕاستیە ئاشکرایە کە ئەم دوو جۆری زانینە هاوبەشن و یارمەتی دەری مرۆڤن بەڵام لە مێژووی فەلسەفەدا فەیلەسوفەکان بونە دوو بەرەو هەریەکەیان سەربە ئاراستەیەکی زانین بووە،ناکوکی لە نێوانیاندا دروست بووە هەریەکەیان سورن لەسەر بڕیارەکانی خۆیان ئەوانیش ئەزموونگەراکان و عەقڵگەراکانن.عەقڵگەراکان هەریەکە لە (دیکارت،سپینۆزا،لایبنیتس)ڕابەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکەن،وە هەروەها ئەزموونگەراکان هەریەکە لە(جۆن لۆک،دیڤید هیوم،فرانسیس بیکون) ڕابەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکەن.ئەزموونگەراکان بە نوێنەرایەتی فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک کە بڕوای بە زانینی هەستەکان هەیە،کە تاکە سەرچاوەی زانینێکی ڕاست و دروست گومان هەڵنەگر ئەو زانینەیە کە ئەزموون و هەستەکانمان پێمان دەبەخشن،ڕاستەوخۆ شتەکان تاقی دەکاتەوە ئەنجامێکی ڕاست و دروست دەدات بە دەستەوە.جۆن لۆک بڕوای بە زانینی زکماکی نەبوو وەک ئەوەی کە عەقڵگەراکان بڕوایان پێ هەبوو ئەو لای وابوو کە کاتێک مرۆڤ لە دایک دەبێت عەقڵی وەک لاپەڕەیەکی سپی وایە ئەوە ئەزموونە شتەکانی لەسەر دەنووستەوە،هیچ زانینێک نییە بگات بە ئێمە ئەگەر بە هەستەکانماندا تێپەڕ نەبێت.

ئایا زانین لە لای دیکارت چیەو چۆنە چ زانینێکی بە ڕاست و ڕەوان داناوە بۆ گەیشتن بە کەمال و حەقیقەتی شتەکان،عەقڵگەراکان بە نوێنەرایەتی فەیلەسوفی فەرەنسی (ڕێنی دیکارت)دەست پێ دەکات کەبە باوکی فەلسەفەی نوێ دادەنرێت،دیکارت بڕوای بەم جۆرە زانینە هەیە کەلە ڕێگای عەقڵ و ژیر بەدەست دێت وەک ئاماژەمان بۆکرد دیکارت کوی گشتی فەلسەفەکەی بە گومان دەست پێ دەکات،بەڵام گومانێکی میتۆدی بەرنامە داڕێژ کەلەسەر بناغەی دامەزراوە،کە گومان لە هەموو سەرچاوەکانی زانین دەکات ئەو گومانەش بە سێ قوناغدا تێپەڕیووە:-

(أ-بریتییە لە گومانکردن لە هەستەکان و زانینی عەقڵی وەک تاکە سەرچاوەی زانین،چونکە هەستەکان لە ڕوانگەی دیکارتەوە هەڵخەلەتێنەرن،بۆیە لێرەدا دیکارت دەڵێت:دوای دەرکەوتنی ئەوەی هەستەکان هەندێک جار هەڵماندەخەڵەتێنن،بڕیارم دا ئەوەی بە هەستەکان وێنا دەکرێن لە واقعدا وەک خۆیان نەبن. ب-گومانکردن لە خەونەکان ناتوانین ڕاستیەکان لە خەونەکان جودا بکەینەوە،کەواتە دیکارت هەستەکان و خەونەکان وەک سەرچاوەی زانین جێگای باوەڕنین

ج-بریتییە لە گومانکردن لە بەڵگە هێنانەوە بەهۆی بوونی گیانێکی خراپەوە شەیتان کە ڕاستییەکان دەگورێت و مرۆڤ توشی هەڵە دەکات.)(حوسێن،٢٠٢٢: ٥٢).

دیکارت بە پێچەوانەی ئەزموونگەراکان بیری دەکردەوە زۆرجار دەڵێت ئەو زانینەی لە هەستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە،هەڵەن و ناڕاستن و هەڵخەلەتێنەرن،بۆیە زانینی هەستەکی زانینێکە گومان هەلگرەو هیچ ئەگەرو گومانێک ناڕەوێنێتەوە،بۆیە هیچ شتێک بە ڕاست نازانم کەلە ڕێگای هەستەکانەوە وەرم گرتبێت.هەروەها دەلێت بە پێویستی دەزانم گومان لەو شتانە بکرێت کەلەسەر زانینی هەستەکی ڕاوەستاوە،هەروەها دیکارت گومان لە نێوان خەون و ڕاستیشی

دەکرد چونکە دەی گوت هیچ هەستێک نییە خەو لەگەڵ بەخەبەر بوون لێک جیابکاتەوە بەلکو تەنها لە ڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەوە دەبێت،دیکارت بڕوای بە زانینی زکماکی هەیە کەلای وایە مرۆڤ کاتێک لە دایک دەبێت کۆمەلە زانینێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە دنیاوە بە پێچەوانەی جۆن لۆک،ئەوانەی بڕوایان وایە کە عەقڵ سەرچاوەی سەرەکی زانینەو ئەو زانینەی لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت بنەمای دڵنیاییە،هەروەها وای دەبینێت کە عەقڵ لە مرۆڤدا هێزێکی خۆرسکیە و بنچینەی هەموو ڕاستییەکانە،دیکارت پێی وابوو کە مرۆڤ هەرکاتێک عەقڵی خۆیی بە شێوەیەکی باش و بێگەرد لەسەر بنەمای گومان بەکارهێنا ئەوا دەتوانێت بگات بە حەقیقەت،بۆیە بڕیاردان و قسەکردنی خەلک جیاواز دەبێت گەر عەقڵ بە باشی بەکاربهێنن و بڕیاری پێ بدەن،بۆیە هەموو مرۆڤێک عەقڵی هەیە،بەڵام مرۆڤ خاوەن پلەو پایەیە ئەوەیە کە بزانێت چوون عەقڵی بەکاردەهێنێت.هەربەم پێیەش دیکارت چوار بنەمای دانا کە ئەگەر عەقڵ پەیڕەویان بکات ئەوا لە هەڵەکردن بە دوور دەبێت وەک:-

یەکەم-بنەمای ڕوونی:(هیچ جارێک شتێک بە ڕاستی نازانم،ئەگەر بە تەواوەتی دڵنیانەبم لەوەی کە ڕاستە واتە:خۆم لە بڕیاردانی خێراو پێش وەختە بپارێزم.)(عەزیز،٢٠١٦: ١١٠).لێرەدا مەبەست لێی پێش ئەوەی لە شتێک بکوڵینەوە،ئایدیا هەیە سەبارەت بەو شتە بەڵام کێ دەڵێت ئەم ئایدیایە ڕاستە خۆم دەپارێزم لە هەموو شتێکی پێش وەختە،بۆ ئەوەی بگەمە دڵنیاترین شت کە ئێدی هیچ گومانێک هەڵناگرێت.

دووەم-بنەمای شیکردنەوە:(هەر کێشەیەک لەو کێشانە دەمەوێت لێیان بکوڵمەوە بەپێی تواناو ئەوەندەی پێویست بێت بەچەند بەشێکەوە دابەشی بکەم بۆ ئەوەی چارەسەرکردنەکەی سوک و ئاسان بێت.)(عزیز،٢٠١١: ٧٩).

لێرەدا پێویستە شتەکان پارچەو بەش بەشی بکەین شیبکەینەوە تاکو بزانین ئەم شتە لە چەند بەش پێکهاتووە دواتر دانە دانە دەخەینە سەر ئەو بەشانەی کە لێمان جیاکردووتەوە.واتە دەردەکەوێت دیکارت ئەمەیان لەسەر شێوازی بیرکاری شرۆڤە دەکات،هەروەها لەسەر میتۆدی دیدەکشن پەیڕەو دەکات و واتە لە هەمەکی و گشتیەوە بۆ هەندەکی دابەشکردووە بۆ ئەوەی زانینێکی ڕوون و ئاشکرا بەدەست بهێنرێت.

سێیەم-بنەمای ڕێکخستنەوە:(هزرەکانم ڕێکبخەم و ڕیزیان بکەم،بەدەست پێکردن لە سادەترین بوارو ئاسانترین هێدی هێدی سەردەکەوم تا دەگەمە زانیاریەکی ئالۆزتر.)(نبیل،٢٠١٠: ٨١)"١"

دێین ئەم بەشانە لێک دەدەینەوە،کە سادەترینیان کامەیە دواتر قورسترینیان کامەیە بۆ ئەوەی لێی تێبگەین ئەگەر لەئاڵوزەکەوە دەست پێبکرێت ناتوانین لێی تێبگەین کە ئەو بەشانە چۆن دروست بوون،هەروەها چۆن چوونەتە پاڵ یەک ڕێخستنی نێوان ئەمانە چۆنە.ئەم بنەمایە بە پێچەوانەی بنەمای دووەمە لە جیاتی لە گشتەوە بۆ بەش ئەمجارەیان لە بەشەوە بۆ گشت دەچین واتە میتۆدی ئیندەکشن پەیڕەو دەکەین لە شتە هەندەکیەکانەوە دەگەینە یاسا گەلێکی گشتی.

چوارەم-سەرژمێری و پێداچوونەوە:(لە هەموو حالەتەکاندا کاربکەم،لەسەر ژماردنێکی تەواو و پێداچوونەوەیەکی تێرو تەسەل،کەوام لێدەکەن دڵنیابم لەوەی کە بێ ئاگانەبووم لە هیچ شتێک کە پەیوەستە بە گرفتە خراوە ڕووەکانی لێکۆڵینەوەکەمەوە.)(٢).

لێرەدا واتە پێداچوونەوەیەک لە هەموویدا دەکەینەوە،تاکو بزانین لە هیچ شوێنێک هەڵەمان نەکردووە،تاکو بگەینە ئەنجامێک ڕاست و دروست بێت جێگای دڵنیایی بێت.

وەک دەبینین دیکارت ساخکردنەوەی بوونی خود واتە "من بیردەکەمەوە،کەواتە من هەم"وەک بناغەو سەرچاوەی زانین داناوە،لێرەدا مەبەستی دیکارت زانین نیە لە پێناو زانین،پەیوەندی نێوان خود و بابەت تەنها بۆ زانین و ناسینەوەی جیهان نییە لە پێناو زانیندا بەلکو مەبەستی دیکارت لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەگرێتەوە. بەڕادەی ئەوەی کە ئایا مرۆڤ تا چەند دەتوانێت سود لە زانیاریەکان وەربگرێت سەبارەت

## ئەنجام

لە ئەنجامدا سەرنج وبۆ چوونی خۆمان دەربارەی ناوەرووکی توێژینەوەکەمان دەخەینە ڕوو کە پێیگەیشتوین.

بێ گومان بابەتی زانین بابەتێکی گرینگەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە،واتا هیچ بوونەوەرێکی تر جگەلە مرۆڤ خاوەنی ئەو خەسڵەت و تایبەت مەندییە نییە،بەڵام ئێمە کاتێک باسی زانین دەکەین مەبەستمان ئەو زانینەیە کە خەسڵەت و تایبەت مەندی گەشەکردن و زیاد بوونی تێدایە،ئەمەش واتا زانینێکە لە ئەزموون و تاقیکردنەوە،هەروەها بە یارمەتی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ژیریەوە بەدەست هاتووە،بەڵام لەلای بەو جۆرە نیە.ڕەنگە هەندێک بوونەوەر جۆرێک لە زانینی کەم کە جێگیرەوەی لێ زیاد نابێت هەیان بێت، کە پتر لە فۆڕمی خۆپارێزیدا بەکاری دەهێنن لەبەرامبەر ئەو گیاندارانەی لە خۆیان بەهێزترن،بەڵام بۆ مرۆڤ زانینی شتێکی ترەو جۆرێک لە فۆڕمی دینامیکیەتی هەیەو لە زیادبوونی بەردەوام و گۆڕانی بەردەوام دایە،گەیشتنی مرۆڤیش بەم جیهان و پێشکەوتنەی ئەمڕوو تێیدا دەژیت بەڵگەیە بۆ ئەم بۆچوونەمان.

لە ناوەڕووکی فەلسەفەی دیکارتدا وردبووینەوە بومان بە دیار کەوت کە دیکارت لە زانینی عەقڵیدا خۆیی دۆزیتەوە بە جۆرێک بڕوای بە عەقڵ هەبووە کە تەنانەت توانیەتی بوونی خۆشی پێ ساخ بکاتەوە،دیکارت هەموو فەلسەفەکەی لەسەر گومان دامەزراندووە ئەو گومانەش نەک هەر تەنیا گومانێک بێت لە پێناو گومانێکی تردا کە تەنها بۆ ئەوە بێت کەسی بەرامبەر بخاتە گومانەوە نموونە کەسەکە ڕاست بێت بەڵام بەشێوەی پرسیاری وا لە کەسەکە بکەم کە گومانی هەبێت ئەمە پێی دەگوترێت گومان لە پێناو گومان،بەڵام شێوازی دیکارت بەم جۆرە نەبووە وەکو گوتمان گومانێکی بەرنامەداڕێژ و ڕێخراو بوو،دیکارت هەر لە ڕێی ئەو گومانەوە دێت هەستەکان پوچەڵدەکاتەوەو هیچ بروایەکی بەو جۆرە زانینە نیەو هەڵخەڵەتێنەرن هەستەکان،بۆیە دیکارت

فەیلەسوفێکی عەقڵانی بوو بڕوای بە زانینی عەقڵی و زکماکی هەبوو،دیکارت لە ڕێی ئەو گومانەوە بوونی خوی ساخکردووتەوە هەروەها دیکارت بروای بەوە هەبووە کە خودایەک هەیە لە سەرووی عەقڵی مرۆڤەوە کامل و بێ سنۆرە بەدیهێنەری هەموو گەردوونە ئەمەشی لە ڕێگای عەقڵەوە پێ گەیشتووە،دیکارت ئێمەی گەیاندە ئەنجامێک کە بلیین دوو شتی دژبەیەک ئەستەم نییە لە یەک کات و شوێندا پێکەوە کۆ ببنەوە نموونەکەی خۆی کە جەستەو رۆحە هەموو خەسلەتەکانی ئەم دوو جەوهەرە بە تەواوەتی لێک جیاوازن یەکێک لە جیاوازە سەرەکیەکانیش وەک و لەناو نەچوو لەناو نەچوو گۆڕان و نەگۆڕ.

دیکارت لە لای خۆیەوە توانیویەتی بە شێوەو فورمێکی نوێ بیربکاتەوە هەنگاوەکانی جێگای سەرنج بووە،کاتێک ژیری وەک و بنەما داناوەو پرۆسەی گومانی کردووە بە دەست پێک بۆ هەنگاوەکانی لە بواری تیۆری زانیندا.لە دەست پێکدا دیکارت وا بیری کردووتەوە کە هەرچی شتێک کە ئەیزانێت ئەکرێ گومانی لێ بکرێت و شایەنی دووبارە پێداچوونەوەیە بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و هەڵە،گومانی دیکارتی شێوەو فورمێکە لە گومان کەبە گومانی میتۆدەیی ئاماژەی بۆ کراوە چونکە دیکارت لە گومانەکەیدا خاوەن ئامانجێکی دیاریکراوە،ئەویش بریتیە لە گەیشتن بە خاڵێک کە خالی دڵنیاییە،نەک وەکو گومانکارانی ڕەها بە شێوەیەکی سەرگەردان لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا بخولێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


١-ستراندن،پۆل،٢٠٠١،دیکارت،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

٢-عزیز،حمید،٢٠١٢،سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یونان،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر

٣-عزیز،حمید،٢٠١٦،تیۆری زانینی زانستیانە،چاپخانەی حەمدی.

4-کلاین،دانێل،٢٠٢٠،هەرجارێک لە واتای ژیان تێگەیشتم گۆڕییان،چاپخانەی گەنج.

٥-عەبدولوەهاب،ئەکرەم،٢٠١٦،ئەو سەد بلیمەتەی جیهانیان گۆڕی،چاپخانەی رۆژ هەڵات،هەولێر.

٦-جەلال،کاوە،٢٠٠٨،ڕێنی دیکارت،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

٧-سوەیلی،رێبوار،٢٠٠٩،دیکارت وعەقڵانیەت،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.

٨-عەزیزی،حەمید،٢٠١٢،فەلسەفەی نوێ لە ئەورووپا، چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.

٩-مستەفا،کەریم،٢٠٢١،لێکسیکۆنی هزرو فەلسەفە،ناوەندی ڕەهەند،سلێمانی.

١٠-عوسمان،شاهۆ،٢٠١٥،بنەماکانی فەلسەفە،چاپخانەی ناوەندی رۆشنگەری.

١١-عەزیز،حەمید،٢٠١٦،دیکارت سێ تێکستی فەلسەفی، چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.

١٢-دیکارت،ڕێنی،٢٠٢٠،تێڕامانەکان لە فەلسەفەی یەکەم،چاپخانەی تاران،سلێمانی.

١٣-تامسۆن،گرێت،٢٠١١،فەلسەفەی دیکارت،چاپخانەی سایە،سلێمانی.

١٤-غالب،مستەفا،٢٠٠٥،دیکارت دامەزرێنەری فەلسەفەی مودێرن،چاپخانەی گەنج.

١٥-عەزیز،حەمید،٢٠١٦،مێتافیزیک ڕەهەند و ئاسۆ،دەزگای ئاوێری،هەولێر.

١٦-کەرەم،یوسف،٢٠١٧،مێژووی فەلسەفەی نوێ،چاپخانەی تاران،سلێمانی.

١٧-گاردەر،یۆستاین،٢٠١١،جیهانی سۆفیا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

١٨-ماگی،برایان،٢٠١٠،مێژووی فەلسەفە،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.

١٩-حسێن،حەسەن،٢٠٢٢،دەروازەیەک بۆ تیۆری زانین، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان،سلێمانی

٢٠-عبدالحمید،نبیل،٢٠١٠،فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.